سیناتۆرێکی ئەمریکا بە چوارچێوەی هەماهەنگی: ئێوە بەڕێزی بە سەرۆك ترەمپ دەکەن

جۆ وەڕسن، سیناتۆری ئەمریکا و ئەندامی پارتی کۆماریەکان لە یەکەم کاردانەوەی بەیارەکەی چوارچێوەی هەماهەنگی بە سوربون لەسەر کاندیدکردنی نوری مالیکی ڕایگەیاند، "ئێوە بەڕێزی بە سەرۆک ترەمپ دەکەن. تاقی بکەنەوە، بەختی خۆتان تاقیبکەنەوە و ببینن چی ڕودەدات".

جۆ وەڕسن، لە پەیامەکی کورتدا لەسەر پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، "بە بوکەڵەکانی ئێران لە عێراق و بە نوری مالیکی: ئێوە بەڕێزی بە سەرۆک ترەمپ دەکەن. تاقی بکەنەوە، بەختی خۆتان تاقیبکەنەوە و ببینن چی ڕودەدات"، هەروەها دەڵێت، "عێراق لە ئێران ڕزگار بکەن، ئێران ڕزگار بکەن".

چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان دوای کۆبونەوەی دوپاتیکردەوە، پابەندە بە کاندیدەکەی (نوری مالیکی) بە پێستی سەرۆک وەزیران و ڕایگەیاند ،کە هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران بابەتێکی دەستوریی تەواو عێراقییە.